


# من و پەیکەرەکەی عەولەسیس

د. سەمەد ئەحمەد
(سلێمانی)

ئەگەرچی لە ناوەڕاستی پاییزدا بووین، بەڵام هێشتا کەشوهەوا هەر گەرم بوو، لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا، لە جیاتی باران، خۆڵبارین تەواوی شاری گرتبووەوە، کەشێکی تابڵێی ناخۆش و ناهەمواری هەبوو.. من پەلەم بوو بگەم بەو مزگەوتەی کە پرسەی هاوڕێکەمی لێبوو و سەرلەبەیانی ئەمڕۆ باوکی کۆچی دوایی کردبوو. پرسەی ئێستا وەک جاران نییە، ئەگەرچی وەک دەڵێن تەنیا یەک ڕۆژە، بەڵام ڕاستییەکەی تەنیا دوو سەعاتە.

لە جادەکە پەڕیمەوە، بە بەردەم پەیکەرەکەی عەولەسیس و بێکەسی شاعیردا تێپەڕیم، کە چەند ساڵێکە لە باخچەی حەوشەی سەرای سلێمانیدا دانراون، لە پشتی ئەمانیشەوە پەیکەرێکی گەورەی سلێمان پاشای بابان، دامەزرێنەری شاری سلێمانی، بەسەر ئەسپێکەوە، کە لە حاڵی غاردانداییە، دانراوە.

ئەگەرچی ئەمە یەکەم جارم نەبوو کە چاوم بەو پەیکەرانە بکەوێت، بەڵام نازانم بۆچی و چۆن بوو، ئیستێکم کرد و ڕاوەستام، ئاوڕی دواوەم دایەوە، پەیکەرەکەی عەولەسیس سەرنجی ڕاکێشام، وەک بڵێی هیچ کارێکی پەلەم نەبێت، گەڕامە دواوە، ڕێک لەبەردەم پەیکەرەکە ڕاوەستام، نووسراوی تابلۆ ڕەشەکەی بنکەی پەیکەرەکەم خوێندەوە: شەهید عەبدول محێدین مەلا ئیبراهیم، ناسراو بە عەولەسیسی قارەمان. لە ژێر ئەمەشەوە ساڵی لەدایکبوون و شەهیدبوونی نووسرابوو: (١٩٠١- ١٩٣٠)، لایەنی جێبەجێکار (بنەماڵەی شەهید عەولەسیس)، پەیکەرساز (چێنەر نزار)، بیرۆکەی پرۆژە (سالار خواڕەحم) و (هاوکار عوسمان بەنا) ٢٠١٧.

لە هەڵوێستێکی ئاوهادا نازانم بڵێم سەرنجی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری چڕ و سرک و تیژە،

یان پەرتوبڵاو و نابینا؟ من پێش ئەم جارە دەیان جاری تر بە بەردەم ئەم پەیکەرانەدا ڕەت بوومە، هیچ جارێکیان نەک هەر ڕایان نەگرتووم، بەڵکوو پرسیارێکیشیان لەلا دروست نەکردووم، وەک هەر بەردێکی تاشراوی بێگیان، ڕاگوزەر بە بەردەمیاندا تێپەڕیوم، بەڵام ئەم جارە پەیکەرەکەی عەولەسیس سیحری لێ کردم و ناچاری ڕاوەستان و لەمەش زیاتر تێفکرینی کردم.

هەنگاوێک زیاتر لە پەیکەرەکە چوومە پێشەوە، ساڵی لەدایکبوون و شەهید بوونەکەی ئەوەندەی تر سەرنجی ڕاکێشام. من تا ئەم کاتە نەمزانیبوو ئەم پیاوە مەردە تەنیا (٢٩) ساڵ ژیاوە و بەو گەنجییە شەهید کراوە! لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر زیاتر بژیایە ڕەنگە لە ئێستا ناودارتر و شکۆمەندتر بووایە، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە و گوتم: ڕەنگە واش نەبووایە! خۆ زۆر کەسی تر هەن و هەبوون سێ هێندەی عەولەسیس تەمەنیان کردووە، بەڵام نە خزمەتێک، نە ناو و نە شۆرەتێک، هیچیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە.. کەواتە زۆریی و درێژیی تەمەن پێوەر نییە بۆ ناوبانگ و چاکەکاری و گیانفیدایی.. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەی دواییم، گوتم: حەزرەتی عیساش (٢٨) ساڵ ژیا، ڕامبۆی شاعیر (٣٧) ساڵ و جوبران خەلیل جوبران (٤٨) ساڵ ژیان، بەڵام ناو و ناوبانگیان و کاریگەرییان زۆرە و تا دنیاش بمێنێت ناویان هەر بە زیندوویی دەمێننەوە.

چەند جارێک بە دەوری پەیکەرەکەدا سووڕامەوە، کەواوسەڵتە و فەقیانەکەی سەرنجیان ڕاکێشام. ئێستا کەواو سەڵتە و فەقیانە، بێجگە لە پیاوە بەتەمەنەکانی ناوچەی گەرمیان، کەسی تر لەبەریان ناکەن و نایانبەستن، مەگەر لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتییەکاندا بێژەرەکانی تەلەڤزیۆنەکان، یان هەندێک لە گەنجان بیانپۆشن. ئەم دەربڕین و خەیاڵاتانەم سەبارەت بە کەواو سەڵتە و فەقیانە بێ گلە و گازندە بوو. هەر خۆم دڵنەوایی خۆمم دایەوە، گوتم: ئیمان و بیروباوەڕی مرۆڤ لە کاتێک بۆ کاتێکی تر گۆڕانیان بەسەردا دێت و وەک خۆیان بە جێگیری نامێننەوە، ئیتر جلوبەرگپۆشین چۆن بە جێگیری و نەگۆڕی دەمێننەوە!؟

زیاتر لە پەیکەرەکە نزیک بوومەوە، وەک لەسەرێدا گوتم: چەند ڕۆژێک لە پێش ئەمڕۆ خۆڵبارین بوو، بۆیە تۆز و خۆڵێکی زۆر لەسەر پەیکەرەکە نیشتبوو. حەزم دەکرد سۆندە و ئاوێکم پێ بوایە پاک پاک پەیکەرەم بشووشتایە، لە خۆڵ و تۆز پاکم بکردایەتەوە.

بنکەی پەیکەرەکە هێندە بەرز بوو، دەستم نەدەگەیشتە سەر و شان و ملی، دەستم هەڵبڕی هەر گەیشتە پێڵاوەکانی، بەو دەبە ئاوەی کە بە دەستمەوە بوو و نیوەیم خواردبووەوە، دەستم کردە شۆردنی پێڵاوی قاچی چەپی کە لە قاچی ڕاستی هەندێک لە پێشتر بوو، پاک پاکم کردەوە، ئەوجا دەستەسڕەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و کەوتمە سڕینەوەشی.

من کە لەژیاندا ملکەچی و خزمەتکاریم بۆ هیچ کەسێک نەکردبوو، ئەوە ئێستا بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ شەرم و نەنگییەک بکەم، بەوپەڕی شانازییەوە پێڵاوەکانی عەولەسیس پاک دەکەمەوە..

لەکاتی سڕینەوەی پێڵاوەکەدا، خۆشم نەمزانی چۆن و بۆچی پێڵاوەکەی (ئەبوو لەهەب)م بیرکەوتەوە. ئەبوو لەهەب ئەو جەللادە بوو لە ساڵی ١٩٨٤، لە زیندانی ئەمنی عامەی کەرکووک منی ئەشکەنجە دەدا، ورگنێکی کورتەباڵای لچ ئەستووری لووت پان بوو.. منیان بە نیوە زیندوویی لەسەر ئەژنۆ ڕاگرتبوو، لەگەڵ ئەوەی هەردوو دەستم لە پشتەوە توند بەسترابوو، دوو جەللادی تریش باڵی ڕاست و چەپیان گرتبووم، ئەبوو لەهەب کە خۆی لێ کردبووم بە ئیزرائیل، دەینەڕاند، جنێوی پیسی بە من و بە ئەرز و

ئاسمان دەدا، کە ئەگەر دان بەوەدا نەنێم نووسینی (بڕووخێ ڕژێمی فاشی بەعس)ی سەر دیوارەکەی گەڕەکەکەمان، کە هەفتەیەک لە پێش ئەو ڕۆژە نووسرابوو، من نووسیومە، هەر ئەمڕۆ ڕوحم دەکێشێت. من عینادیم کرد، نەک هەر حاشام لە ڕاستین کردەیەکی ئاوهاکرد، بەڵکوو خۆم وەک بێتاوان ناساند و گوتم: ئێوە غەدرم لێ دەکەن! ئەبوو لەهەب هەرکە ئەمەی بیست، گوڕی سەندەوە و هەموو هێزی خۆی شەقێکی بە دەم و چاومدا کێشا، بە پشتا کەوتم، چوار دانی سەر و خوارم شکان، ناودەمم پڕبوو لە خوێن، بەری دیدەم لێڵ و تاریک بوو، لەگەڵ ئەمانەدا پێڵاوەکەی ئەبوو لەهەبیش لە خوێندا سووربوو، وەک ماری بریندار دەیفیشکاند، جنێوی پیس وەک باران لەدەمی دەهاتە خوار، داوای کرد کە دەبێت پێڵاوەکانی لە خوێنی دەمم پاک بکەمەوە. من کە بە ئاستەم هەناسەم بۆ دەدرا، بە دەمی برینداری پڕ لە خوێنەوە گوتم: دەستەکانم ئازاد بکەن، هەتا بتوانم پێڵاوەکەت بسڕمەوە، ئەبوو لەهەب فەرمانی بە جەلـلادەکان کرد: دەستەکانی بکەنەوە، هەردوو دەستم خستە سەر زەوییەکە، گوڕم دایە خۆم و هەستامە سەرپێ، ئەو لیک و خوێنەی کە لە دەممدا مابوو، خڕم کردەوە، وەک تیر کێشام بە تەوێڵ و سینگ و بەرۆکی ئەبوو لەهەبدا، لەدوای ئەم ماجەرایە، ئەبوو لەهەب و دوو جەللادەکەی تر لێم بوون بە سێ سەگی هار، کەوتنە پەلاماردانم، هەر یەکەیان قەپی بە لایەکی جەستەمدا دەکرد، لە هۆشی خۆم چووم و بوورامەوە، ئیتر نازانم چیتریان لێ کردم و چیم بەسەرهات..

هیشتا هەر خەریکی سڕینەوەی پێڵاوەکەی پەیکەرەکەی عەولەسیس بووم، چەند جارێک دەستەسڕەکەم ڕاوەشاند، لەو خۆڵ و گەردانەم پاک کردەوە کە نیشتبوونە سەر پێڵاوەکەی، لەناکاو هەستم بە جووڵەیەکی نائاسایی لە پێڵاوەکانیدا کرد، دەستەسڕەکە لەدەستم کەوتە خوارەوە، زۆر ترسام، دوو هەنگاو لە پەیکەرەکە دوور کەتمەوە، وامزانی زەوی لەرزە ڕووی دا، بەڵام کاتێک تەماشای هاتوچۆکەرانی سەر شەقامەکەم کرد، هیچ دۆخێکی نائاساییم لە کەس بەدی نەکرد، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، هەمووان وەک جاران دەهاتن و دەچوون، بەخۆمدا هاتمەوە، وام لێکدایەوە کە یادەوەرییە تاڵەکانی ئەبوو لەهەب ئەم دۆخە نائاساییەی بۆ دروست کردووم. دەستەسڕەکەم هەڵگرتەوە، جارێکی تر لە پەیکەرەکەی عەولەسیس نزیک بوومەوە، ویستم پێڵاوی قاچی ڕاستیشی پاک بکەمەوە، کاتێک دەستەسڕەکەم لێی نزیک کردەوە، قاچی ڕاستی کەوتە جووڵە و بە خشەخش بردییە دواوە و نەیهێشت دەستم بیگاتێ، ئیتر من تووشی ترس و ڕاچڵەکین و واقوڕمانێکی وا بووم کە زەحمەتە ئێستا بتوانم بیگێڕمەوە. ئاخر چۆن دەبێت پەیکەرێکی بێ گیان وەک بنیادەم بجووڵێت!؟ ئەم جارەش وامزانی هەر چاوم ڕێشکەوپێشکەی کردووە، بەڵام زۆری نەخایاند هەموو شتێک ڕوون بووەوە. من کە تا ئەوکاتە وەک بەرد لە جێی خۆم ڕەق ڕاوەستابووم، ترس و تۆقینیش تاساندبوومی، بەڵام هۆشم لەکاردا بوو، چاویشم وەک جاران هەموو شتێکی بەڕوونی دەبینی، وەلێ زمانم لە ناو دەممدا وەک سەهۆڵ بەستبووی. ئەوەی زیاتر شێت و مجرۆی کردبووم ئەوە بوو کە تا دەهات پەیکەرەکە جووڵەی زیاتر و زیاتر دەبوو، لە دوای قاچەکانی، ئەوجا هەردوو دەستی کەوتنە جووڵە، فەقیانەکانی کردەوە و چەند جارێک ڕایوەشاندن، ئەو گەرد و تۆزانەی کە لە شان و ملی نیشتبوون و لەبەر بەرزیی پەیکەرەکە من دەستم پێیان نەدەگەیشت، لە خۆی تەکاند، ئەوجا وەک جاران فەقیانەکانی لە مەچەکی بەستنەوە، پاشان جامانەکەی هەندێک بە پشتا برد و باشتر لە سەری قایمی کردەوە کە بە هۆی جووڵەکانییەوە هاتبووە سەر ناوچەوانی و تەوێڵی داپۆشیبوو. من کە هەتا

ئەو کاتە وەک مردوو بێ جووڵە بووم، هەر گومانم لە ڕاستیی جووڵەی پەیکەرەکە هەبوو، بە تیلەی چاو تەماشای ڕاست و چەپی خۆم کرد، بۆ ئەوەی بزانم کەسی تریش وەک من تووشی ئەم هستریایە بووە، تەماشام کرد هیچ کەسێک مێشێک میوانی نییە، کەس ئاوڕ نە لە من و نە لە پەیکەرەکە ناداتەوە، وەک جاران بێ کێشە، هەندێک بە پەلە و هەندێک بە خاوی دێن و دەچن، ویستم هاوار بکەم و دەورووبەرم لەم دۆخە تێبگەیەنم، بەڵام زمانم بۆ نەجووڵا، نەمتوانی دەم بکەمەوە. هەتا دەهات جووڵەی پەیکەرەکە زیاتر و زیاتر دەبوو، کاتێکم زانی پەیکەرەکە بە قەڵەم بازێک لەسەر بنکەکەی هاتە خوارەوە، چەند جارێک بای باڵی دا، کەمەری بەلای ڕاست و چەپدا سووڕاند، ئەوجا ملی تەقاند، بەم جووڵانەی تێی گەیاندم کە چەند وەختە ڕاوەستاوە، جەستەی سڕ بووە، بۆیە وا دەکات. من ناچارم هەر بە پەیکەر ناوی بهێنم، ئاخر ئەگەر بڵێم عەولەسیس زیندوو بووەتەوە، کێ بڕوام پێ دەکات؟ ئەی پێم ناڵێن چۆن دەبێت هەندێک لە مرۆڤ هێشتا یەکەم سوڕی ژیانیان تەواو نەکردووە، لە دەمی مردووەکانەوە حەکایەتی دووەم سوڕی ژیان ببیستن!؟

پەیکەرەکە زۆر میهرەبانانە لێم هاتە پێشەوە، بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە دڵنەوایی کردم، گوتی: مەترسە هیچی نائاسایی ڕووی نەداوە، زیاتر لێم نزیک بووەوە، لە ئامێزی گرتم، چەند جارێک ئەم لا و ئەو لای ماچ کردم، بەڵام من بە شێوەیەک تووشی واقوڕمان بووبووم، نەک هەر نەمتوانی لە باوەشی بگرم و ماچی بکەم، بەڵکوو هەر وەک بەرد لە جێی خۆم بێ جووڵە ڕاوەستابووم. لێرە بەدوا ئیتر من بووم بە پەیکەر و پەیکەرەکەش بوو بە عەولەسیس و وەک هەر ڕوحلەبەرێک کەوتە قسە و پێی گوتم: ئەگەر چاکە و میهرەبانی تۆ نەبوایە کە پێڵاوەکانت بۆ پاککردمەوە، زەحمەت بوو لە جێی خۆم بجووڵێم و لەسەر بنکەکەم بێمە خوارەوە، جێگەکەم خراپ نییە، لەو بەرزییەوە ڕۆژ هەتا ئێوارە تەماشای هاتوچۆی خەڵکی و ڕووداوەکانی شار دەکەم، ئەگەرچی زۆر لەوانەی کە دەیانبینم، نایانناسم، چون بە کوردی قسە ناکەن و نازانم چی دەڵێن، هەست دەکەم نامۆن بەم شارە.

من زۆرم حەزدەکرد کە توانایی جووڵە و قسەکردنم هەبووایە و پێم بگوتایە: کاک عەول گیان ئێمە قەرزاری مەردی و جوامێری تۆین، بەڵام نەمتوانی هیچ بڵێم. ئەوەی لەهەر شتێک زیاتر تووشی ڕامان و تاسانی کردبووم ئەوەبوو کە هیچ شڵەژان و دۆخێکی نائاساییم لەلای هامشۆکەرانی سەر شەقامەکە بەدی نەکرد. من لەبەر ئەوەی هۆش و گۆشم تەواو لە کارا بوو، دڵنیابووم کە ئەوەی دەیبینم و دەگوزەرێت نە خەوە، نە خەیاڵە، نە وڕێنە، ئەوەی دەیبینم و چاوم لێیە ئەوەیە کە پەیکەرەکەی عەولەسیس چەند ساڵێکە لە باخچەی حەوشەی سەرادا لەسەر بنکەیەکی بەرز دانراوە و هەموو کەسێک دەیبینێت، بەڵام وا ئێستا لەسەر بنکەکەی هاتووەتە خوارەوە و وەک مرۆڤێکی هەستیار، خاوەن هۆش و گۆش، قسە دەکات و دەجووڵێت..! ئەم دۆخە نائاساییەی کە تێی کەوتبووم، ئەو ڕاستییەی زیاتر بۆ سەلماندم کە ئێمەی مرۆڤ لە ژیانماندا هێندەی مژوڵی شتی ڕواڵەتی و بێ بەهاین، نیو هێندە سەرنج لە شتە گرنگە پڕ بایەخەکان نادەین، ئەگەر وانییە چۆن، بۆچی کەسێک دیقەتی نەدا و نەیپرسی: کوا؟ بۆ کوێ چوو؟ چی لێهات پەیکەرەکەی عەولەسیس؟ لەمانەش سەیر تر، من کە تا ئاستی مەستی لە دڵی خۆمدا مژووڵی ئەم پرسیارانە بووم، عەولەسیس ئاگای لە خورپە و ڕازی ناو دڵم بوو، بە زمانێکی شیرین، چۆن گەورەکان منداڵێکی دڵشکاو دڵنەوایی دەکەن، ئاوها کەوتە دڵدانەوەم، پێی گوتم: من دەزانم حەزدەکەیت باسی ئەو ڕۆژەت بۆ بکەم کە

من و چەند کەسی تر ئا لەم جێگەیەدا، بە دەسڕێژی گولەی ئنگلیزەکان بە ناهەق شەهید کراین، باسی خرۆشان و خەڵک و ڕاپەڕینی ڕۆژی شەشی ئەیلوولت بۆ بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ پەلەتە و کاری تایبەتیت هەیە و دەتەوێت بگەی بە مزگەوت و بەشداری پرسەی باوکی هاوڕێکەت بکەیت، بۆیە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژە تاڵ و پڕ لە تاوانەی ئنگلیزەکان با بمێنێت بۆ کات و دەرفەتێکی تر..

عەولەسیس ڕێک لە نەمامێکی پاییزەی ڕووتەڵەی پەژموردە دەچوو کە با لەنجەی پێ بکات و لەسەرخۆ بەدەم کزە باوە بلەرێتەوە، لەهەمان کاتیشدا لە نەغمەی ئاوازێکی دڵنشین دەچوو و ئارامی بە ڕوح دەبەخشی، ئەگەرچی پشتی هەندێک کووڕ بوو بوو، چرچولۆچیی لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا، لە قسەکردنیشدا لێوەکانی بەبێ ویستی خۆی دەجووڵان و بۆی ڕانەدەگیران، بەڵام تیشکێکی پڕ لە ئیرادە و ورە بەرزی لە چاوەکانییەوە دەردەچوو، لەلایەک پڕبوون لە سەرزەنشتکردنی ئێمە کە بۆ ئەوەندە ناکۆک و خۆخۆرین، لەلایەکی تریشەوە وزەی پێ دەبەخشین.

وەک چۆن کەسێک بتگوشێت و قرچە لە ئێسقانەکانتەوە بهێنێت، ئاوها تێکشکام، ئەگەرچی شەرمەزارانە ڕاوەستابووم و قسەم پێ نەدەکرا، یان ڕاستترە بڵێم: قسەم پێ نەبوو بۆ گوتن، بەڵام دڵخۆش بووم کە عەولەسیس ئامۆژگاریم دەکات و ڕێگەی چەوتمان بۆ ڕاست دەکاتەوە، نەمدەزانی چی بڵێم؟ وەلێ ئەو، وەک بڵێیت لە ڕازونیازی دڵم ئاگادار بێت و بزانێت بیر لە چی دەکەمەوە، بە قووڵی تەماشای چاوەکانی کردم، بە شێوەیەکی موگناتیسی بەرەو ناخی خۆی ڕایکێشام، منیش وەک دیلێک تەسلیمی حەز و خواستەکانی ئەو بووم، پێی گوتم: پێویست ناکات شتەکانم لێ بشاریتەوە و بە هەڵەمدا بەریت، من دەزانم لە کوردستان چی دەگوزەرێت و چی ڕووی داوە.

من کە لەئاست قسە و گفت و گلەیی و ڕەخنەکانیدا وڕوکاس بووبووم، وێڵ و سەرگەردان نەمدەزانی لە چی و لە کامیان تێبگەم و کامیان بەسەر بکەمەوە، بیانوو بۆ کام کاری نەشیاومان بهێنمەوە. خەیاڵ و پرسەکانی ناو سەرم لە نێچیرێک دەچوون کە لە چەند لاوە ڕاوچی ڕاویان بنێت و نەزانم بەکام لادا هەڵبێم، سەرئەنجام بەتیرێک دەپێکرێم و خۆم بەدەستەوە دەدەم، ئەژنۆم شل دەبێت و تەپ دەکەومە سەر زەوی، بەلادا دەکەوم، بە ئاستەم دوا هەناسە دەدەم.

ئەو پرسیارەی کە لەناو سەرمدا وەک ڕەشەبا هاژەی دەهات و نەمدەتوانی بەزمان دەری ببڕم، عەولەسیس لەبری من پرسیارەکەی ئاراستەی خۆی کرد، گوتی: حەزدەکەیت بزانیت کە گەنجێکی (٢٩) ساڵە چۆن بوومە بەم پیرەمێردە؟ ئەوجا بەوپەڕی شڵەژان و پەشێوییەوە گوتی: ئاخر چۆن بەلاوی بمێنمەوە؟ بۆچی ئێوە وادەزانن ئێمەی شەهید ئاگامان لەو هەموو مەینەتییانە نییە کە لە دوای مردنی ئێمە بەسەر ئێوەدا هاتووە؟ نەخێر وانییە، خوای گەورە ڕوحیانەتی ئێمەی بەزیندوویی هێشتووەتەوە و ئەو بەهرە و توانایییەشی پێ بەخشیوین کە لە هاوڕێ و هاوسێ، لە هاونەتەوەکەمان بێئاگا نەبین.. ئاگامان لە تاوانی ئەنفال و لە تراژیدیای گۆڕە بەکۆمەڵەکان و لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەیش هەیە.

عەولەسیس زۆر بە جۆشوخرۆشەوە قسەی بۆ دەکردم، تەواوی قسەکانیشی خەمهێنەر بوون، نەمتوانی خۆم لەبەریان ڕابگرم، هەردوو چاوم وەک کانیی بەهار ئاویان تێ زا، ئەگەرچی لەبەر دڵی ئەو زۆر هەوڵم دا بارانی فرمێسکەکانم ڕابگرم، وەلێ نەمتوانی. عەولەسیس ئەم جارەش لە جاری پێشوو زیاتر کەوتە دڵدانەوەم، پێی گوتم: ئەو مافەم بدەنێ جارجارە لێتان نیگەران و تووڕەبم، جارجارەش کە دەبینم هێشتا مەرد و خەمخۆر و دڵسۆز و داوێنپاک ماوە، دڵخۆش

و شەنگ دەبم وەک چۆن کە ئێوارەی لێ دێت گوڵ پەڕەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە و چاولێک دەنێت، تا خۆرهەڵات دەنوێت، لەگەڵ خۆرهەڵاتنی ڕۆژێکی نوێدا، جارێکی تر دەم دەکاتەوە و گەش دەبێتەوە و بۆ خۆری پرشنگدار گەش دەبێتەوە و پێدەکەنێت، ئێمەش ئاوهاین بۆ ئێوە.

عەولەسیس بە شێوەیەک لە ناو چاو و لە ڕوخساری تۆقیوی دەڕوانیم، وەک بڵێی شتێکی بەنرخی وەک دوڕ و مەرجانی بەدی کردبێت، بەتاسە و بە پەرۆشەوە بۆی بگەڕێت و هەوڵی دۆزینەوەی بدات، ئەوجا گوتی: ئێستا ڕەنگە بپرسیت تۆ کە ئەوەندەساڵە لە گۆڕی تەنگ و تاردایت، چۆن توانیوتە سەردانی شار بکەیت و ڕووداوەکان بە چاوی خۆت ببینیت؟ لەسەرخۆ کەوتە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئەو لەبری من لە خۆی کرد: هەر ئەوەندەی دەرفەتم بۆ بڕەخسایە، سەری گۆڕەکەم هەڵدەدایەوە، بەبێ ئەوەی کەس بەم کەینوبەینە بزانێت، بە تاسەوە سەرێکم لە شار دەدایەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی جارەکان، لە جیاتی ئەوەی ئاسوودە و دڵخۆش بم، بە کۆڵێک خەم و پەژارەوە، بەدڵشکاوی و بە نیگەرانییەوە، وەک مێرووله چۆن ڕۆژانە دێتە دەرەوە و دەچێتەوە شار و ماڵی خۆی، ئاوها دەگەڕامەوە ناو گۆڕە تەنگ و تارەکەم.

لەدوای ئەم ماجەرایە، هەر بەزمانی دڵ، کە عەولەسیس زۆر باش لێم حاڵی دەبوو، گوتم: بەقوربانی گفتولفتی شیرینت بم، ئێمە زۆر نیگەران و غەمباری شەهیدبوونی ئێوەین، هیچ کاتێک قارەمانیی ئێوە لەیاد ناکەین، ئەها پەیکەرمان بۆ دروست کردوون، بەڵێنتان پێ دەدەین...

هاتم لەم ڕستە پاکەتییانە زیاتر سەفتە بکەم، عەولەسیس کە تا ئەو کاتە مشتووی هەردوو دەستی توند نوقاندبوو، کردییەوە، بە بزەیەکی پڕ لە پەژارەی گاڵتە ئامێزەوە دەستی ڕاستی خستە سەر دڵم، وەک بڵێیت پێویست بە هەڵڕشتنی ئەم درۆیانە ناکات، دەستی چەپیشی خستە سەر شانی ڕاستم، پێی گوتم: ببوورە کە ئەمڕۆ لە کارم کردیت، وا ئێوارەیە و خەریکە تاریک دابێت، نابینیت جمەی هاومشۆکەران و گوڕەی ئۆتۆمۆبیلەکانیش کەم بوونەتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆیت و ماڵئاوایی لەیەک بکەین، وەسیەتێکت بۆ دەکەم تۆش بیگەیەنە بە دڵسۆزانی کورد و کوردستان، پێتان دەڵێم: خەم لە ئێمەی شەهید مەخۆن، ئێمە لە بەهەشتی بەریندایین و جێگەمان زۆر خۆشە، ئەوەی نیگەران و هەراسانم دەکات و دەمگەیەنێتە ئاستی شێتی ئەوەیە کە دەبینم ئێوە خەریکە ڕابوردووتان لەبیر بچێتەوە و بڕوا بە درۆ و فیشاڵی ئینگلیز دەخەڵەتێن، تکایە ئەم پەیامەم بگەیەنە بە هەموو دڵسۆزانی هەر چوار پارچەی کوردستان، پێیان بڵێ: هیچ کاتێک ئینگلیز ئێمەیان خۆش نەویستووە، ئامادەن چۆن ئێمەیان بەغەدر و بێڕەحمانە شەهید کرد، ئێوەش بەدەردی ئێمە بەرن.

لەدوای ئەم پەیامە، عەولەسیس چۆن بە قەڵەمبازێک لەسەر بنکەکەی هاتە خوارەوە، هەر ئاوهاش بە قەڵەمبازێکی تر خۆی هاویشتەوە سەر بنکەکەی و بووەوە بە پەیکەرەکەی جاران، منیش چۆن تەزووی کارەبا بەرم بدات، کەوتمەوە جووڵە، زمانیشم کەوتەوە کار، بەڵام لە تەریقیدا هیچم نەگوت، بەدەست خواحافیزم لە پەیکەرەکەی عەولەسیس کرد، بەدڵێکی پڕ لە کەیل و بە سەرێکی پڕ لە ژاوەژاو، بە جەستەیەکی ماندووەوە، وەک سەرخۆش بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتم.